# ڕۆڵی ژنان
# له‌ په‌ره‌پێدانی كاری ڕێكخراوه‌ییدا
# (ی.ن.ك وه‌ك نموونه‌ )


نووسینی

جه‌میله‌ شێخ مه‌حمود    شلێر ڕه‌شید

نیگارعومه‌ر



ئه‌كادیمیای هۆشیاری و پێگه‌یاندنی كادیران

سلێمانی ـ ٢٠١٢

- رۆڵــی ژنـــان لــەپەرەپێدانی کاری رێکخراوەییدا (ی.ن.ک) وەک نموونە)
- نووسینی: جەمیلە شێخ محمود، نیگارعومەر شلێر ڕەشید
- بڵاوکراوەکانی ئەکادیمیای هۆشیاری و پێگەیاندنی کادیران
- کوردستان- سلێمانی ـ ٢٠١٢
- ژمـــارەی سـپاردنی بـــە بەڕێوەبەرایـــەتی گـــشتی کتێبخانە گشتییەکان (١١٧٥) ساڵی ٢٠١٢
- دیزاین: جوان قادر سۆفی
- تیراژ: (٤٠٠٠)
- ژمارەی زنجیرە: (٤٧)



www.pukhoshiari.com
info@pukhoshiari.com

**ئەكادیمیای هۆشیاری و پێگەیاندنی كادیران**

دامەزراوەیەكی كەلتوورییە بەپێی بڕیاری كۆنگرەی سێی ساڵی ٢٠١٠ ی یەكێتیی نیشتمانیی كوردستان دامەزراوە، ئەركەكەی بریتییە لە دەستەبەركردنی پێداویستییەكانی هۆشیاركردنەوەی سیاسی، فراوانكردنی چوارچێوەكانی ڕۆشنبیریی گشتی، تۆكمەكردنی بەهاكانی دیموكراسیو مافی مرۆڤ و دادی كۆمەڵایەتی لەكۆمەڵدا، تاوتوێكردنی مەسەلەكانی بیری هاوچەرخو دابینكردنی كەرەستەی پێویست بۆ پێگەیاندنی كادیران لە بوارە هەمەجۆرەكاندا.

**سەرپەرشتیاری زنجیرە: حەسەن یاسین**

# پێشەکی

لـــــــە ســـــــــێهەمین کـــــــــۆنگرەی (ی.ن.ك)دا بەهەندوەرگرتنی ژن لەسەرجەم ئۆرگانـەکانی یەکێتیـدا باس کراو لەو بارەیەوە سیستمی کۆتـا بەرێـژەی ٢٠٪ بـۆ ژنـان دیـاری کـرا. بـەلاَم دوای زیـاتر لـە سالێك هەست بەوە کرا کە ئـەو ڕێژەیـە لـە زۆربـەی ئۆرگانـەکان پیـادە نـەکراوە ئەمــەش دوای ئــەوەی (نیگــار عمــر) هەســتا بەتوێژینەوەیـەك سـەبارەت بـە جێبـەجێکردنی ڕێـژەی کۆتـــا ٢٠٪ی ئەنـــدام مەکتـــەبی ژن لەمەکتەبـــەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستاندا. لەبـەر ئـەوە بیرۆکـەی ســـــازدانی کۆنفرانـــــسێك لەلایـــــەن (فەریـــــد ئەسەســـــەرد)لێپرســـــراوی ئـــــەکادیمیای هۆشـــــیاریو پێگەیاندنی کادیران گەلاَلە بـوو. دواتـر ئـەو کۆنفرانـسە بەهاوبەشی لەنێوان ئـەکادیمیای هۆشیاریوپێگەیاندنی

کادیران و مەکتەبی ڕێکخراوە دیموکراتیەکان (بۆردی ڕێکخراوەکان) ٢٠١١/٥/١٥ داو لە هۆڵی تەوار بەئامادەبوونی چەندین کادری ژن وپیاوی ئۆرگانەکان کۆنفرانسێك بۆماوەی یەك ڕۆژ بەسترا، لەمیانەی کۆنفرانسەکەدا، سێ بابەت خرایە ڕوو، پاشان گفتوگۆی لەسەرکراو ڕاسپاردەیەکی (١٠) خاڵی ئامادەکراو ئاراستەی مەکتەبی سیاسی و سکرتێری گشتی کرا.

شایانی باسە بابەتی یەکەم لەلایەن خاتوو (جەمیلە شێخ مەحمود) لە ئەکادیمیای هۆشیاری و پێگەیاندنی کادیران، بەناوی (ئاستەنگەکانی بەردەم ژن لە کاری ڕێکخستندا) پێشکەشکرا. لەم باسەدا هۆکارە خودی و هۆکارە بابەتییەکان ئاماژە پێکراوە کە بوونەتە لەمپەر لەبەردەم ژناندا و ئەنجام کاریگەری لەسەر کەمیی ڕێژەی ژنان لە کۆمیتەومەڵبەندەکان داناوە. پاشان ئامارێك دەخاتە ڕوو کە ڕێژەی ژن لە ١٤ مەڵبەند لە پلەی کارگێڕی کۆمیتەوە روون دەکاتەوەکە ناگاتە

ڕێـــژەی ٢٠٪، دواتـــر بـــە چـــەند پێـــشنیارێك كۆتـــایی بەبابەتەكە هێنا.

بابـــەتی دووەم لەلایـــەن خـــاتوو (نیگـــار عومـــەر) لـــە مەكتەبی ڕێكخراوە دیموكراتییەكان – بۆردی ڕێكخـراوە پیـــشەییەكان نوسـراوە لـەژێر نـاوی (ژنـان وكـاراكردنی بەرنامەو پەیڕەوی نـاوخۆی حیـزب) سـەرەتا ئامـاژە بـە پابەنـــدبوون بەپـــەیرەوە دەكـــات، كاتێـــك یـــەكێتیی نیـــشتمانیی كوردســـتان، حزبێكـــە بانگەشـــەی سۆشـــیال دیموكرات دەكات پێویستیـشە هـەنگاوی جدی بـۆ بنێـت بەمەبەستی چەسپاندنی بنـەما سـەرەكییەكان، كـەخۆی لـــە (ئـــازادی، دادپـــەروەری كۆمەلأیـــەتی، هاوكـــاریو كاركردنی بەیەكـەوە) دەنوێنـێ. دواتـر دێتـە سـەرئازادی ژن لـــەناوحیزب و خێـــزان وكۆمـــەلگا بەگـــشتی كـــە كاریگەری لەسە بەشداری سیاسی ژنـان هەیـە، دواتـر بـە ئامارێـك دەربـارەی بـوونی ئەنـدام مەكتـەب لەسـەرجەم

مەکتەبەکاندا دەخاتە ڕوو کە سیستمی کۆتایان جێبەجێ نەکردووە .

بابەتی سێیەم لەلایەن خاتوو (شلێر ڕەشید) ئەندام پەرلەمانی پێشووی عێراق، پێشکەش کرا بەناوی (سستمی کۆتا بۆ بەشداریی سیاسیی ژن)لەم بابەتەدا ئاماژە بە چەمکی کۆتا و پێناسەکەی کراوەو ئامانجەکانی سستمی کۆتا خراوەتە ڕوو. دواتر لایەنە نیگەتیف و لایەنەپۆزەتیفەکانی سستمی کۆتا ئاماژە پێکراوە. هەروەها ئاماژە بە سەرکەوتوویی پیادەکردنی سستمی کۆتا لە چەند وڵاتێکدا دەکات.

کۆباسی ئەم بابەتانەو گفتوگۆی ئامادەبووان بووە هۆی گەڵاڵە کردنی ئەم ڕاسپاردانەی لای خوارەوە:

١ـ جێبەجێکردنی ڕێژەی ٣٠٪ی کۆتای ژنان لەناو سەرجەم ئۆرگانەکانی (ی.ن.ك)دا کە خاڵێکی گرنگی پەیڕەوی ناوخۆیە.

٢ـ سیستەمی کۆتا بۆ پیاو دیاری بکرێت بەڕێژەی ٨٠٪ زیاتر نەبێت.

٣ــ پێدانی پشکی ٢٠٪ بەژن بۆ خولی هۆشیاریو خۆپێگەیاندنو وەفدی نوێنەرایەتی لەناوەوەو دەرەوەی هەرێمی کوردستان.

٤ـ خولی بەردەوام بۆ گەشەپێدانی تواناکانی ژن.

٥ــ دیاری کردنی ژنە کادرەکانی ناو (ی.ن.ك) بۆ پۆستەکانی پەرلەمانی عێراقو پەرلەمانی کوردستانو ئەنجوومەنی پارێزگا (بەپێی پسپۆریو خزمەتی کاری سیاسیو ناوچەیی).

٦ــ دیاری کردنی ژنە کادرەکانی ناو (ی.ن.ك) بۆ پۆستە حکومیەکان (بەپێی پسپۆریو خزمەتی کاری سیاسییان).

٧ـ هەوڵدان بۆ کەمکردنەوەی فرە پۆستی.

٨ـ كـاراكردن‌و كـاركردنی (ی.ن.ك) بـه‌و په‌یماننامـه‌و رێكه‌وتننامه‌ی نه‌ته‌وه یه‌كگرتووه‌كانی، په‌یوه‌ندیـدار بـه ژنان.

٩ــ ســالآنه لــه‌یادی (ی.ن.ك)دا رێــز له‌ژماره‌یــه‌كی به‌رچاو له‌ژنانی نوخبه‌ی سیاسی (ی.ن.ك) بگیرێت.

١٠ـ به‌سه‌ركردنه‌وه‌ی هه‌موو ئـه‌و ژنانـه‌ی لـه (ی.ن.ك) دوور كه‌وتوونه‌ته‌وه به‌هه‌ر هۆیه‌ك بێت.

ئه‌كادیمیای هۆشیاری‌و پێگه‌یاندنی كادیران

# ئاستەنگەکانی
# بەردەم ژن لە کاری ڕێکخستندا

**جەمیلە شێخ مەحمود**

**هۆكاری كەمیی ڕێژەی ژن لە كۆمیتەكانی ڕێكخستندا**

بەشداریی سیاسی ژن لەناو یەكێتی نیشتمانی كوردستاندا مێژوویەكی هەیە، كە ژن لە ڕێكخستنە نهێنیەكانو لە ناو پێشمەرگە لە شاخ لە بەرامبەر دوژمنێكی زۆر دڕندە كاری كردووە، كە لە ڕووی ئازارو ئەشكەنجەدانەوە هیچ جیاوازیەكی لەگەڵ پیاودا نەكردووە. ئەوەش جێی شانازیە بۆ یەكێتی كە لەو هەلومەرجەدا ژنی هێناوەتە بواری بەشداری سیاسیەوەو پەروەردەی كردووە. هەروەها لەدوای ڕاپەڕین ڕێژەیەكی بەرچاو لە ژنان بەرەو بارەگاكانی حزبەكان دەهاتن، بەتایبەت یەكێتیی نیشتمانیی كوردستان تاكو لە ڕیزەكانی ڕێكخستندا بەشداری كاری سیاسی بكەن. بەڵام بەهۆی نەشیاوی شێوازو چۆنیەتی و هەل نەڕەخساندنی بوار بۆ بەشداری سیاسی ژنو كاراكردنیان لە بواری ڕێكخستندا، بەشداری ژن لەكاری حزبیدا بەرەو پاشەكشە چووە. كەئەوە بۆتە

سەرچاوەی کێشەی کەمیی ژن لە ناوەندی بڕیاردا. بۆ نموونە ئەگەر لە ژمارەی کەرتەکانی کۆمیتەیەك بڕوانین دەبینین کۆمیتەیەك ١٤ کەرتی پیاوانی هەیەو تەنها کەرتێك یان دوو کەرتی ژنانی هەیە، ئەوە خۆی لەخۆیدا جێی سەرنجەو پێموایە چەند هۆکارێك بۆتە ئاستەنگ لەبەردەم ژنانی ناو ڕێکخستنەکان کە لێرەدا بە چەند خاڵێکی کورت دەیخەمە ڕوو:-

١- زۆربەی ژنانی ریکخستن لە کەرتی ژناندا هیچ پیاوێك لە خێزانەکەیدا لە هەمان کۆمیتەدا نەبووە و هەر لە ڕێکخستنیشدا نەبوون، ئەمەواتای ئەوەیە کە ئەو پیاوانەی کە لەو ١٤ کەرتەدان باوەڕیان بەوە نەبووە کە ژن، خوشك، کچ، یان دایکیان بێننە ڕیزەکانی ڕێکخستنەوە چونکە پێیان وابووە کە خۆیان یەکێتین، خۆڕسك ژنەکانیش بیروباوەڕی پیاوەکانیان هەڵدەگرن. ئیتر پێویست ناکات ئەوان بێنە بواری کاری ڕێکخستنەوە.

٢- زۆربـەی ئەنـدامانی کەرتـەکانی ژنـان نەخوێنـدەوار یان بەتەمەن بوون.

٣- ئەوکچانەی گەنج و خوێنـدەواربوون زۆربـەی هـەرە زۆریـان پـاش هاوسـەرگیری وازیـان لـە کـاری ڕێکخـستن دەهێنا، ئەمەش هۆکارێك بووە بۆ خاڵی دووەم.

٤- کێـــشەی منـــداڵبوون، بـــەهۆی منـــداڵبوونو بـەخێوکردنی منداڵەوە ژنەگەنجـەکان خۆیـان لـە پلـەی ئەندام کەرت و ئەنـدام کۆمیتـەیی دوورەپـەرێز ئـەگرن. لەبەر ئەوەی ناتوانن ئەرکە ڕێکخراوەییـەکانیان بەباشـی جێبەجێبکەنو مۆڵەتی دایکایەتیش پیادە ناکرێت.

٥- هۆکـاری دابونـەریتو کۆمەڵایـەتی، ئەگـەر ژنێـك بێتــە دەرەوەو کــاری سیاســی بکــات دەبێــت ڕەچـاوی بیروبۆچـــوون و هەڵـــسەنگاندنی ســـێ لایـــەن بکـــات لەسەربەشداری کاری سیاسی ژن ئەوانیش :

ـ خێزان، تا چەند ڕێی پێدەدەن، تاچەند هاوکاری دەکەن تاسەرکەوتووبێن لە جێبەجێکردنی ئەرکەکانیدا.

ـ کۆمەڵگا، چۆن بۆی دەڕوانن.

ـ ناو دەزگا حزبیەکە، تاچەند کارەکانی بەهەند وەرئەگرن، تا چەند بواری خۆی پێدەدەن.

٦- هۆکاری ئابووری: هەندێ جار کاتێك خێزان باری ئابووری باش دەبێت بەشداریی سیاسی ژن لە ئاستە بەرزەکاندا بە پێویست نازانن، چونکە پێیان وایە ژن پێویستی بە دابینکردنی بژێوی ژیانی نیەو خێزانەکان بە هۆی نزمی ئاستی ڕۆشنبیرییانەوە بەشێوەیەکی ماددیانە بۆ کاری سیاسی دەڕوانن، هەندێ جاریش بە پێچەوانەوە لەو خێزانانەی باری داراییان خراپە، پێیان وایە ژن کارێکی ڕۆژانەی بەرامبەر بە داهاتێك بکات باشترە وەك لەوەی بێبەرامبەر ئەندامێکی ئاسایی بێت لە شانەیەکداو کاری ڕێکخستن بکات.

ئەمانەی لای سەرەوە هۆکاری سەرەکین بۆ نەهاتنە پێشەوەی ژنان بۆ ناو ڕێکخستنەکانو دواتر کاریگەری ڕاستەوخۆ دەکات لەسەر بوونی ژن لە ناوەندی بڕیاردا. جێی ئاماژەیە کە وەك دەبینین، لە کاتی هەڵبژاردنە نیشتمانیەکاندا ژنان ڕێژەی بەرچاویان هەیە لە چوونە سەر سندووقی دەنگدان. واتا کەمیی ژن لە ڕێکخستنەکاندا مانای ئەوە نیە ژنان هۆشیاری نەتەوەیی و سیاسیان نیە.

## سیستمی هەڵبژاردن و سەرکەوتنی ژنان

میکانیزمی سەرکەوتن یان بڵێین پلە بەرزکردنەوە لەناو یەکێتیدا بە پرۆسەیەکی دیموکراسیانەیە، ئەویش هەڵبژاردنە. بێگومان خۆکاندیدکردن بۆ پلە جیاوازەکان بۆ هەر ئەندامێك بۆ هەردوو ڕەگەز لەناو یەکێتیی نیشتمانیی کوردستاندا وەك یەك رەخساوە. بێگومان ئەوە سیستمێکی پیادەکراوە لە هەموو حزب و ڕێکخراوێکی دیموکراسی کە مافی خۆکاندیدکردن و دەنگدان بۆ هەموو ئەندامان بە پێی یاساو پەیڕەوی ناوخۆ دەستەبەر ئەکرێت. لە ناو یەکێتیشدا هەمان سیستەم پیادەکراوە، بەڵام وەك هەمووان دەزانین، ژن وەك پێویست نەچۆتە پێشەوە. لەبەر ئەوە بە پێی پەیڕەوی ناوخۆی پەسەند کراوی سێیەمین کۆنگرەی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، سیستەمی کۆتا کە ڕێژەی ٢٠٪ بۆ سەرجەم پلەکان دیاری کراوە. لەوانەیە

تاڕادەیـەکی زۆر لـە ژنـان بـەم سیـستەمە دڵخـۆش نـەبن، ئەویش لەبەر چەند هۆیەك:-

١- لەوانەیـە ئـەوە ببێتـە هـۆی بەکـەم سـەیرکردنی ژن لەو پۆستەدا یان لەو پلەیەدا.

٢- نـاڕەزایی زۆرێـك لـە پیـاوان لـەکاتی مـشتوومڕی نێوان هەردوو ڕەگەزدا.

٣- سەرخستنی ژنی بێتوانـا بەمەبەسـتی پڕکردنـەوەی ڕێـژەی کۆتـا، کـە لەوانەیـە ئەمـە ببێتـە جێـی ڕەخنـەی پیاوان.

لەگەڵ ئەو لایەنـە سلبیانەدا وا گونجـاوتـرە سیـستەمی کۆتا بۆ ماوەیەکی دیاری کـراو کاری پێبکرێـت، تـاکو ژن وەك خـۆی تواناکـانی دەردەخـات و متمانـەی کۆمـەڵ بەدەسـت دەهێنێـت، هـەروەها وەك ئـەوەش کـە پیـاوان بەو شێوەیە قەناعەت بە توانای ژن دەکەن .

لە گۆشە نیگای ئەم باسەوە گونجاوترە ڕێژەی ژنـان لـە کۆمیتـەو مەڵبەندەکانـدا بـە پێـی ئامارەکـان بخرێتـە

بەرچاو، لەو بارەیەوە لە (٢٠١١/٥/٨)بە نووسراوی ژمارە(٤٦-٥٠٣ )ی مەکتەبی ڕێکخستن، ئاماری ژنان لە پلەی کارگێڕی کۆمیتە تا جێگری مەڵبەند بۆ ١٤ مەڵبەند وەرگیراوە، لێرەدا تەنها مەڵبەندی سلێمانی بە نموونە وەردەگرین کە ٣٦ کۆمیتەی لەخۆ گرتووە و بەهەزاران ئەندامی هەیە، هیچ ژنێك جێگری لێپرسراوی مەڵبەند نیە. هەروەها تەنها دوو کارگێڕی مەڵبەند ژنە. ئەندام مەڵبەند (٤) ولە کۆی ٣٦ کۆمیتە تەنها (٣)ژن کارگێڕی کۆمیتەیە، بەو شێوەیە دەرکەوتووە ڕێژەی(٢٠٪)ی کۆتای ژنان بە پێی پەیڕەو پیادە نەکراوە. لەلایەکی ترەوە بە هەر ١٤ مەڵبەندەکە تەنها ٣ ژن جێگری مەڵبەندن(بڕوانە پاشکۆی ژمارە١).

لێرەدا پرسیارێك دێتە پێشەوە: ژن چۆن سەر دەکەوێت بەرەو پلەکانی تر؟

پێش وەڵامی ئەم پرسیارە چەند سەرنجێك باس دەکەین:

١- له هەندێ مەڵبەنددا كادری ژن هەیە لەساڵی ١٩٩٩ تا ئێستا كارگێڕی مەڵبەندەو چەند ژنێكیش هەیە له ١٩٩٩ وه تا ئێستا ئەندام كۆمیتەن.

٢- گۆڕانكاری له كادره ژنەكاندا ناكرێت، ئەگەرچاوێك به مەڵبەندو كۆمیتەكاندا بگێڕین، دەبینین كۆمەڵێك دەم وچاون تا ئێستا واجیهەی رێكخستنەكانن.

٣- له ئاستی ئەندام كەرت وئەندام كۆمیتەی ژن بێزاریەك له نێوانیاندا هەیە، هەندێكیان دەچنه مەكتەبەكانەوەو هەندێكیان وەك ئەندام بەش دەچنه مەڵبەندەكانەوەو هەندێكیشیان بیر له وازهێنان دەكەنەوە، كه ئەوەش كاریگەری لەسەر ڕێكخستنەكانی ژنان دروست دەكات .

بۆ وەڵامی ئەو پرسیارانەو ئەو سەرنجانەش پێویسته یەكێتی نیشتمانیی كوردستان جووڵەیەك بخاته ناو ژنانەوە، ئەویش له سێ رێگاوه دەكرێت:

١- ئـــەو ژنانـــەی تەمـــەنێك خـــەباتیان هەیـــەو لەرێکخستنەکاندا قـاڵ بـوون‌و بوونەتـە کـادر بـەمانای ووشـــە، پلـــەکانیان بەرزبکرێتـــەوە بـــۆ پلـــەی ئەنـــدام مەکتەب یان چەندین پلەی تر کە لەناو دامودەزگاکانی تردا پێویستیان پێیانە.

٢- بەرزکردنـەوەی چـەند ژنێکـی گـەنجی هەڵسووڕاو، کە بتوانن بەشێوەیەکی کارا توانـای خۆیـان بخەنـە گـەڕ، چـــونکە گـــەنج توانـــای هەڵـــسووڕانی کۆمیتـــەو مەڵبەندەکانی باشترەو بەرنامـەی نـوێ باشتر جێبـەجێ دەکات.

٣- لـە رێگـای حکوومـەت‌و ئیـدارەوە، بێگومـان هـەموو حزبێـك لـەدنیادا هـەوڵی چـوونە دەسـەڵات ئـەدات بـۆ ئـەوەی بەرنامـە ئـابووری‌و ئیـداری‌و سیاسـیەکانی خـۆی جێبەجێ بکات. ئـەویش لـەڕێی کاندیـدکردنی ئەنـدام و کادرە حزبیەکانی خۆی بۆ پۆستە سیادی و ئیداریـەکان. لـەو رووانگەیەشـەوە یـەکێتی نیـشتمانیی کوردسـتان کـە

حزبێکی سۆشیالّ دیموکراتە، بەرنامەکەی خۆی لەخۆیدا خزمەتگوزاریە. واتە دەتوانێت لەرێی دەزگاکانی حکوومەتەوە ئەو بەرنامەیەی لەکۆنگرەدا دایرشتووە، جێبەجێی بکات. بۆ ئەم مەبەستەش هەندێ پۆست هەیە لەحکوومەتدا بە پۆستی سیاسی دائەنرێنو ئەو حزبە کادری خۆی بۆ کاندید ئەکات. دەشێت کادری ئیداری بەتوانای ژن بۆ ئەو پۆستانە بە پێی رێژەی(٢٠٪)ی سیستمی کۆتا ژنی بۆ کاندید بکات. بۆ نموونە، لە ئێستادا هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی پارێزگاکان بەرێوەیە پێویستە کاندیدەکانی لە ئەندامانی یەکێتی بێت نەك بێلایەن کە زۆرجار یەکێتی لە هەڵبژاردنیاندا زەرەمەند بووە.

### رێکخستنو پێگەیاندنی ژن

ئەرکی سەرەکی رێکخستنە کە کادری حیزبی لەسەرجەم بوارەکانی سیاسیو دبلۆماسیو ئیداریو راگەیاندنو خیتابی جەماوەریو...هتد پێبگەیەنێت.

تاكو ببنه سەركردە، چونكە ئەو سەركردايەتيەى هەيە، لەوانەيە لەبەر چەندين هۆى تەمەنو تەندروستىو چەندين هۆكارى تر شوێنەكەيان جێبهێڵن. بۆ ئەوەى ئەو حيزبە هەميشە بەزيندوويىو بەهێزى بمێنێتەوە، پێويستە هەميشە لەهەوڵى پێگەياندنى كادرى بەتوانادا بێت.

بێگومان پێويستە ژنان پشكى شێريان لەو بوارەدا بەر بكەوێت. پێويستە خولى بەردەوام بۆ ژنان بكرێتەوەو لەگەڵ پياواندا بەشدارى هەموو ئەو خولانەيان پێبكرێت، كە لەناوەوەو دەرەوەى هەرێمى كوردستان دەكرێتەوە، هەروەها لەبوارى كارى ديبلۆماسيدا گرنگى بەژنان بدرێتو لە هەموو وەفدێكدا بۆ دەرەوەى هەرێم رێژەيەك بۆ ژنان دابنرێت.

## ( پاشکۆی ژمارە ١ )

## مەکتەبی ڕێکخستن/ بەشی ئامار( ٢٠١١/٥/٨ ) بە نوسراوی ژمارە

## ( ٤٦-٥٠٣ )

| کۆدو ناوی مەڵبەند | جێگری ل. مەڵبەند(ژن) | کارگێڕی مەڵبەند(ژن) | ژمارەی ئەندام مەڵبەند(ژن) | ژمارەی کارگێڕی کۆمیتە(ژن) | ژمارەی ئەندام کۆمیتە(ژن) | کۆی گشتی | ژمارەی کۆمیتە |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| مەڵبەندی ١ی سلێمانی | | ٢ | ٤ | ٣ | ٤٣ | ٥٢ | ٣٦ |
| مەڵبەندی ٢ی کەرکوك | | ٥ | ٢ | ١٢ | ٦٣ | ٨٢ | ٢٨ |
| مەڵبەندی ٣ی هەولێر | | ٢ | ٥ | ٨ | ٢٣ | ٣٨ | ٢٩ |
| مەڵبەدی ٤ی دهۆك | | ٦ | | ٧ | ٤١ | ٥٤ | ١٨ |
| مەڵبەندی ٥ی بەغدا | | ٢ | | ٢ | ٩ | ١٣ | ٩ |

| | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| مەڵبەندی ٦ی سۆران | | ٢ | ٣ | ٣ | ٢٦ | ٣٤ | ١٣ |
| مەڵبەندی ٧ی نەینەوا | ١ | ٢ | | ٤ | ٣١ | ٣٨ | ١٩ |
| مەڵبەندی ٢٤ی ڕاپەڕین | ١ | ٣ | | ٣ | ٤٢ | ٤٩ | ١٧ |
| مەڵبەندی ٩ی شارەزوور | | ٣ | | ١ | ١٣ | ١٧ | ١٢ |
| مەڵبەندی ١٠ی پێشمەرگە | ١ | | | ١ | ١ | ٣ | ٣٤ |
| مەڵبەندی ١١ی گەرمیان | | ٣ | ٤ | ١٢ | ٥٧ | ٧٦ | ٢٥ |
| مەڵبەندی ١٢ی چەمچەماڵ | | ١ | ٢ | ٢ | ١٥ | ٢٠ | ١٠ |
| مەڵبەندی ١٣ی دەرەوە | | ١ | | | | ١ | ١٢ |
| مەڵبەندی ١٤ی کۆیە | | ١ | ٣ | ١ | ٩ | ١٤ | ٧ |
| سەرجەم | ٣ | ٣٣ | ٢٣ | ٥٩ | ٣٧٣ | ٤٩٢ | ٢٦٩ |

# ژنان و
# کاراکردنی پەیڕەوو  پرۆگرامی حیزب

**نیگارعمر**

ئـەم بابەتـە دەرگایەکـە لەسـەر کـارکردن بەپـەیڕەوو پڕۆگـرام بەشـێوەیەکی گـشتی، کەیاسـای حیزبـە لـەناو یـەکێتی نیـشتمانی کوردسـتاندا، چـونکە کـار نـەکردن بەیاسـای حیـزب، ئاماژەیـەکی نـەرێنی خـراپ دروسـت دەکات. هەروەها کار نەکردنە بـە پرنـسیپەکانی حیـزب، لێـرەدا بەتـەنها مەسـەلەکانی پەیوەسـت بـە ژنـانم بـاس نـەکردووە، بـەڵکو لـە نـاو کێـشە گـشتیە کانـەوە بـاس لەکێـشەکانی ژنـان دەکـەم، چـونکە ئـەو دوو تـەوەرە دوو تای یەك تـەرازوون، واتـە هیـچیان بـە تـەنها سـەرکەوتن بەدەست ناهێنن.

**خاڵەکانی باسەکەم:**

١- یەکێتی  وەك حیزب بانگەشەی سۆشیال دیموکرات دەکـــات، پێویستیـــشە هـــەنگاوی جـــدی بـــۆ بنێـــت، بەمەبەستی چەسپاندنی بنـەما سـەرەکیەکانی، کـەخۆی لـــە ئـــازادی، دادپـــەروەری کۆمەڵایـــەتی، هاوکـــاریو

کـــــارکردنی بەیەکـــــەوە﴾ دەبینێـــــت. هــــەموو سەرکەوتنێکیش لە یەکەم هەنگاوەوە دەست پێ دەکات، یەکەم بنەما کە بنـچینەی کارە، ئازادیـە دەکرێـت بـاس لەوە بکرێـت کـە ژن لـەناو حیزبـدا ئـازادە، بـەڵام نابێـت لەیادمان بچێت کە ئەو ژنەی، کە لە حیزبدا کار دەکات هەمان ئەو ژنەیە کە لە نـاو خێـزان و کۆمـەڵگاو کلتـورە کۆنەکانـەوە هـاتووە، کـە ئەگـەر پـەیڕەوەی ئـەو کلتـورو داب ونەریتانـە نـەکات تووشـی ڕووبەڕووبونـەوە دەبێـت ئەمەش ناهاوسەنگیەك لە تەرازووی کاری سیاسـی ژنـدا دروســت دەکــات: بۆیــە ژمارەیــەکی کــەمی ژن بــەدی دەکـەین کـە کـاری سیاسـی بکـەن، بـەڵام لەهـەمان کاتـدا کۆڵنەدەری ژن بەدی دەکرێـت بـۆ هاتنـە مەیـدانی کـاری سیاســـــی. دووەم بنـــــەمای سۆشـــــیاڵ دیمـــــوکرات دادپــــەروەری کۆمەڵایەتیــــە، کــــەکاری هــــەر کــــادرو ئەندامێکـە بـەژن‌و پیـاوەوە داکـۆکی لێ بکـەن و کـاری جدی بۆ جێبەجێکردنی بکەن، بنەمایـەکی تـر بریتیـە

لــه هاوكــارى و كــاركردنى بەيەكــەوە، كــە ئەمــەش بنەمايەكە بۆ سـەرجەم بوارەكـانى ژيـان، راسـتە چـونكە هـيچ كەسـێك لـە هـيچ بوارێكـدا ناتوانێـت بـە كـارى تـەنهايى سـەركەوتن بەدەسـت بهێنێـت. ئـەوەى تێبينـى دەكرێت كەئێـستا لـە ناوەنـدەكانى خوێندنيـشدا كـار بـە سيستمى گروپ دەكرێت، چونكە تێيـدا هەست دەكرێـت بتوانرێت كارى بـاش بـە ئـەنجام بگەيـەنرێت. پـشتگيرى كۆمەڵـێ هاورێـت دەبێـت كـە كـارت لەگـەڵ دەكـەن، لـە هەمان كاتدا هەسـت دەكـەيت، كـە گروپەكـەو حيزبەكـە پێويستيان بە تواناكانى تۆ هەيە.

٢- بەرپرســياريتى تـــاك، پێويــستە خۆمـــان لـــە بەرپرسـياريێتى لانــەدەين و هــەر كەسـەمان لــەجێگاى خۆيـــەوە بـــەپێى شـــوێنى كارەكـــەى بەرپرســـە لـــە داكۆكيكردن لە كۆمەڵى خەڵكى تر كە ئەگەر ئـەو كـارە نـەكات، بێگومـان پـشكى دەبێـت لـە كەمتەرخەميـەكان،

بەگشتیو بەرامبەر بەو جەماوەرەی  کە چاوەڕێی کاری باش و جدی  لێ دەکەن بەتایبەتی.

٣- بەرپرسیاریەتی هەر تاکێک لەبەرامبەر حیزبەکەی، کە متمانەی داوەتیو لێپرسراوێتی کارێکی داوەتی وەك پێویست کارەکانی جێبەجێ ناکات، هەمووکاتێك پێوست دەکات خۆمان چاودێری کارەکانی خۆمان بکەین بۆ ئەوەی بتوانین باشترین کار پێشکەش بەحیزب و بە خۆشمان بکەین .

٤- ئەگەر ئێمە کار لەسەر جێبەجێ کردنی ئەو دروشمو بنەمایانە نەکەین کە خۆمان بڕوامان پێیانەو حیزب دایڕشتووە، ئەمە دەبێتە هۆکاری ئەوەی  لەدوو لایەنەوە زەرەرمەند بین، لایەنێکیان  گشتیەو دەبێتە هۆکاری ئەوەی لەلایەن جەماوەرەوە متمانە و ڕاستگۆیی لەدەست بدەین، لایەنی  دووهەمیشیان بریتیە لەوەی کە خۆمان متمانەمان  بەخۆمان

نەمێنێت، ئەمەش ئاماژەیەکی نەرێنی خراپ دروست دەکات لەسەر هەر حیزبێك.

٥- یەکێك لەخاڵە سەرەکیەکانی تری توێژینەوەکەم، بریتیە لە چاودێری کردنمان بۆ پەیڕەوی پەسندکراوی سێهەمین کۆنگرەی حیزب، چونکە کادر پێویستە خۆی بەکەم نەزانێت و هەوڵ بدات بۆ ئەوەی ئەو خاڵانەی لە پەیڕەودا هاتووە بەدواداچوون بکات بۆ جێبەجێکردن و کارکردن لەسەریان، چونکە لەکاتی کۆنگرەدا دوو ڕۆژ تەرخان کرا بۆ گفتوگۆکردن لەسەر پەیڕەوو خاڵەکانی، نابێت لەیادمان بچێت کە گفتوگۆکردن بەتەنها بەس نیە، بەڵکو دەبێت بەردەوام بین لەسەر چاودێری کردنی چۆنیەتی کار کردن بەو خاڵانە لە بواری پراکتیکداو لەو خاڵانەش کە پێویستە کاری پێ بکرێت بەڵام تا ئێستا کاری پێ نەکراوە.

***دەقی پەیڕەوو پرۆگرامی پەسەندکراوی سێهەمین کۆنگرە:***

١- لـــەمادەی (٤) دا هـــاتووە﴿دەبێـــت ژمـــارەی ژنـــان لەکۆمیتـــە تـــا ئاســـتی ســـەرکردایەتی لـــە هـــەموو ئۆرگانەکاندا بەلای کەمەوە ٢٠٪ بێت﴾.

٢- لەبڕگـــەی لەدەســـتدانی ئەندامیـــەتی و ســـزادان لـــــەمادەی (١١) خــــاڵی (٧) یــــەکێك لــــەهۆکارەکانی دەرکردن﴿ لەپەیڕەوو پڕۆگرامی (ی ,ن,ك) لابدات﴾ .

٣- لــــە ئــــەرك و دەســــەڵاتەکانی کۆمیتــــەی سـەرکردایەتی﴿ جێبـەجێکردنو بەدواداچوونی بڕیـارو ڕاسپاردەکانی نێوان دوو کۆنگرە﴾ .

بەپێی ئەو ئامارەی لە توێژینەوەکەمدا، دەستم کەوتووە، ژمارەی ئەندام مەکتەبی ژن لەسەرجەم مەکتەبو دەزگاکاندا(١٠) ژنە لەکاتێکدا ژمارەی پیاو (٧١)و ژمارەی ژنی ئەندامی ئەنجوومەنی مەکتەب تەنها(٢)و ژمارەی پیاوان(١٦٨)ئەندام ئەنجوومەنە. ئەم

ئامارەش لە(١٤/ ٢٠١١/٣ ) لەلایەن (نەرمین خان) ئەندامی سەرکردایەتی و لێپرسراوی بۆردی پیشەییەکانی مەکتەبی ڕێکخراوە دیموکراتیەکان، بۆ سەرجەم مەکتەب و دەزگاکانی یەکێتی گشتێنراوە، ئەم ئامارەش نابەرامبەریەکی زۆری تێدا دەردەکەوێت ناکرێت بەهەند وەرنەگیرێت (بڕوانە پاشکۆی ژمارە ١).

٤- هەروەها بەپێی مادەی (٤٦)ی پەیوەست بەکاری ئەنجومەنی ناوەند دەبێت کۆمسیۆنێك هەبێت بۆ بەدواداچوونو جێبەجێکردنی پەیڕەو، ئەمەش دەقەکەیەتی ﴿چاودێری کردنی ڕادەی گونجانی بڕیارو ڕێسا پەیڕەو کراوەکان لەگەڵ مادەکانی پەیڕەوی ناوخۆ﴾.

٥- یەکێك لەخاڵە سەرەکیەکان، کەجێگەی هەڵوێستە لەسەر کردنو بەدواداچوونەن لەکاتی چوونم بۆ دەزگاکان بۆ مەبەستی وەرگرتنی زانیاریەکان، زۆرێك لەو کەسانەی کە لەگەڵیان دادەنیشتین، قسەیان هەبوو

لەسـەر ئـەوەی کـە ژن خـۆی بـوونی کەمـەو لەهەنـدێ دەزگـادا بـوونی نیـە تـا پلـەیان بدرێتـێ، بێگومـان ئـەم قسەیە هـەر ئێستا نـەکراوە لـەزۆر کـۆڕو دانیـشتنەکاندا ڕووبـەڕووی ئـەم قـسەیە دەبینـەوە، بـەلای منـەوە ئـەم قـسەیە دوو ڕووی هەیـە، ڕوویـەکیان تاڕادەیـەك بـێ هێـزە، ئـەویش کەمتەرخـەمی ژنـان خۆیانـە، نایەنـە پێـشەوە، ئەمـە خـۆی لەخۆیـدا توێژینەوەیـەکی وورد هەڵـدەگرێت لەسـەر ئـەوەی ژن بـۆ نایـەوێ دەسـەڵات بگرێتـە دەسـت، ڕووە بەهێزەکەشـیان ئەوەیـە ئـەرکی حیزبە، کـادری چـالاك و ئـاکتیف پـەروەردە بکـات لـەژن ولە پیاو، چونکە لەیادمان نەچێت کەمی ژمارەی کـادری کـاراو هۆشـیار لەحیزبـدا بـە ژن وپیـاوەوە بـەزەرەری حیـزب بەگـشتی دەگەڕێتـەوە، ئەگـەر چـی جێگـای خۆیـەتی داوا لـەکادران بکـەین خۆشـیان کۆڵنەدەرانـە هەوڵبـدەن بـۆ خـۆ پڕچـەك کـردن، بەچـەکی زانیـاری و

خۆ هوشیارکردنەوەی بەردەوام بەبەشداری کردنیـان لـە کۆڕ و کۆبوونەوەکاندا.

٦- هەر لەم خاڵەوە دەکرێت قسە لەسەر ئـەوە بکرێـت، کـەژنان دەبێـت پـشکیان هـەبێتو بەشـدار بـن لـەو خولانـەی کـە لـەدەرەوەو لـەناوخۆدا ڕێکـدەخرێن، بـەڵام پێویـستە لیژنـە هـەبێت بـۆ ڕێکخـستنی ئـەو خولانـەو دواتر هەڵسەنگاندن بـۆ ئـەو کەسـانە بکرێـت کەبەشـدار دەبن بۆ ئەوەی بزانرێـت تـا چـەند دەتـوانن ڕۆڵ ببیـنن لـە دانـەوەی ئـەو زانیاریانـەی کـە لـەو خولانـەدا وەری دەگـرن. دواتـر ئـەم کـارە دەبێتـە هـۆی ئـەوەی کـە ئـەو کـادرە زیـاتر گرنگـی بەخولەکـە بـدات، دواتـر دەبێتـە هۆکارێك بۆ بەهێز بوونی توواناکانی کادرەکە .

٧- خاڵێکی تر کەپێویستە کاری بۆ بکرێـت و هـەنگاوی بۆ بنرێـت، پتـەو کردنـی پەیوەندیەکانـە لەبەرژەوەنـدی گشتی حیزب، کەئێمـە بـەم کارەمـان لەگـەڵ ئـەکادیمیای هۆشیاری، مەبەستمانە دەست پێـشخەر بـین بۆشـکاندنی

ئـــەو نامۆییـــەی کەهەیـــە لـــەنێوان کـــادرانی دەزگاحیزبیـــەکان بەگـــشتی، کـــە ئـــەم نامۆبوونـــەش لەبەرژەوەنـــدی کەسـدانیە، بۆیــە پێویــستە کــار بــۆ شــکاندنی بکـــەین، بەمەبەســـتی پتـــەو کردنـــی پەیوەندیـەکان، وەنابێـت لـەیادمان بـچێت پـێش ئـەوەی هـــەوڵی رێکخـــستنی پەیوەندیـــەکانی دەرەوە بـــدەین پێویستە خۆمـان بـاش رێکبخـەین چـونکە ئـەوە لۆژیکـە کــە دەڵــێ: (هــەتا ئێمــە مــاڵی خۆمــان رێکنەخــەین ناتوانین ماڵی خەڵکی تر رێکبخەین).

٨- هاوکـار نـەبوونی ژنـان بـۆ ژنـان خۆیـان و زۆرێـك لەژنان، کەدەچنە پۆستەکانەوە پیاوانە مامەڵە دەکـەن و بابەتـــەکانی ژنـــان بەهەنـــد وەرنـــاگرن، لـــەو رووەوە تائێـــستا لەلایـــەن ژنـــانی ســـەرکردە لـــەناو (ی،ن،ك) پرۆژەیـەك بـۆ کـارکردن نیـە بـۆ بـەرەو پـێش بردنـی مەسەلەکانی پەیوەسـت بـەژنان، بـەڵام نابێـت ئـەوەشمان لە یاد بچێت، کە ئەمە تـەنها کـاری ژن نیـە بـەڵکو کـاری

پیاوانیشه بەگشتی  چونکە ژن دەنگی بە پیاویش داوە، کەواتە دەبێت کارکردنی گشتی هەبێت تا کاریگەری دروست بکات. لەلایەکی ترەوە ئەگەر کێشەکانی ژنان چارەسەر نەکرێت ئەوا حیزب بەگشتی تووشی ئیفلیجی دەبێت.

٩- خاڵێکی تری گرنگ، بریتیە لەوەی کە زۆر جار پلە دەدرێت بەبێ ئەوەی حیساب بۆ تواناکانی کەسەکە بکرێت، زۆر کات  ژنانو پیاوانیش لێپرسراوێتی وەردەگرن، بەبێ ئەوەی گرنگی ئەو لێپرسراویەتیە بزانن و کار بۆ بەرەو پێش بردنی تواناکانی خۆیان بکەن.  لەم حاڵەتەدا تەنها ئەوەیە کورسیەك ئەگرێت بەبێ ئەوەی سوود بگەیەنێت.

١٠- گرنگی نەدان بە  بواری پەروەردەیی و بابەتەکانی پەیوەست بە ژن، بۆ نموونە خولی (ژنانی سەرکردە) کەلەلایەن ڕێکخراوی NDIبەبەردەوامی هەبووە، بەڵام لەو خولانەدا ژنانی(ی،ن،ك) ئامادەییان وەك پێویست

نـەبووە، کـە کۆمـەڵێ خـولی ئـەکادیمی زۆر پێـشکەوتو بــوونو زۆرێــك لــە حیزبــەکان نوێنەرایــەتیان تێیــدا هەبوو، ڕۆڵی خۆی هەیە لەپێگەیاندنی کادری سـەرکردە لەناو ژنان کە ئەمەش گرنگی نـەدانو بـەدوادا نەچوون دەردەخـات بـۆ پەرەپێـدانی توانـای کـادر بەشـێوەیەکی ئەکادیمی.

١١- بەهەنــد وەرنــەگرتنی تواناکــانی ژنــان، زۆرجــار کۆمەڵ بەگشتی بە گومانەوە دەڕوانێتـە تواناکانی ژنـان، لە هەندێ دانیشتندا وا باس لە ژن دەکرێت کـە هەنـدێ کار هەیە کاری ژن نیـە وەك سیاسـەت، ژن پێویـستی بـە چــەندین شــۆڕش هەیــە بــۆ ئــەوەی بێتــە کایــەی سیاسیەوەو کار بکات، چونکە ژن تـەنها هاتنـە دەرەوەی لەماڵ خۆی لەخۆیدا شۆڕشی دەوێت، دواتـر ئـەو کایـەی کـە هـەڵی دەبـژێرێت بـۆ کـارکردن لەلایـەن خێـزان و کۆمـەڵگاوە حـسابی خـۆی هەیـە. بـۆ نموونـە یـەکێك لـە کاریگەرترین بوار کە کەمترین ژن دەتوانێـت خـۆی تێـدا

ببینێتـەوە کایـەی  سیاسـیە، چـونکە بـەکارێکی پیاوانـە لەلایەن خێـزان و کۆمـەڵگاوە سـەیر دەکرێـت. بەهـەمان شـێوە کـاری ڕاگەیانـدن کـە ئەمـەش کۆمـەڵێ هۆکـاری جیاواز لەخۆی دەگرێت وەك: ـ

١- ئــەو تــرس و شــەرمەی کــەتاکی پــێ پــەروەردە دەکرێت، ژن پشکی شێری هەیـە  دەرئـەنجامی ئەمـەش، کۆمـەڵ متمانــەی بـە ژن نیـە بۆکـارکردن لـە هەنـدێ کایەدا، وەك  سیاسەت و ڕاگەیاندن .

٢-  نـەبوونی میکانیزمێـك بـۆ هانـدانی ژن بـۆ ئـەوەی بێتە کایەی سیاسیەوە .

٣- نەبوونی پرۆژەیـەکی گشتی لـە لایـەن حکوومـەتو حیزبەوە بۆ سیستمی پەروەردەی منداڵ، کە کێشەیەکی سەرەکیە بۆ ژن لەسەرجەم بوارەکانی ژیان .

٤- متمانە نەبوونی ژن بە تواناکانی خۆی  .

٥- کۆمەڵگا بەگشتی و خێـزان بەتایبـەتی، ڕێخۆشـکەر نیـە بـۆ کـاری ژن لـە بـواری سیاسـیدا چـونکە بـەکاری تایبەت بە پیاوی دەزانێت .

١٢- بەکارهێنانی جەنگی دەروونـی لـە بەرامبـەر ژنـان، بـۆ ئـەوەی کاریگـەری نـەرێنی لەسـەر دروسـت بکـات، دواجار دوور بکەوێتەوە لەو بوارەی کـە سیاسـەتەو پیـاو بە مـوڵکی خـۆی دەزانێـت، ئـەو کـات ژن دەکەوێتـە ژێـر کاریگەری دەروونی لەلایـەن﴿خێـزان، شـوێنی کارەکـەی، کۆمەڵگاو کلتور بەگشتی﴾ ئەمـەش دواتـر کەسایەتیەك پەروەردە دەکات کە بەردەوام دەبێت لـە ململانێـدا بێـت لەگـەڵ خـۆی و ئـەو واقیعـەی تێیـدا دەژی، کـە دواجـار زۆرێـك لـەو ژنانـە پاشەکـشە دەکـەن لـەو ململانێیـەو ماڵــەکانیان دەکەنــە تاکــە شــوێنێك بــۆ حەوانــەوەی دەروونــی، چـونکە کـەمترین کـەس لـەو چوارچـێوەدا ڕووبەڕووی دەبنەوە .

١٣- سەر قاڵبوونی ژن بەکاری ناوماڵ وای کردووە، کە ژن کەمترین کاتی هەبێت بۆ خوێندنەوە، یاخود دروست کردنی پەیوەندی ئەکادیمی و زانستی بۆ بەهێز بوونی تواناکانی، بە گشتی زۆربەی کاتەکانی بە کاری ماڵەوە بەسەر دەبات بێ ئەوەی هیچ بەرامبەرێکی مادی هەبێت، بۆیە ژن تەمەنی بەڕێ دەکات کاتێک دەزانێت خاوەنی هیچ نیە هەربۆیە زۆرینەی نەخوێندەواران لە جیهاندا ژنن.

١٤- متمانە نەبوونی ژن بە ژن، لە دوای هەڵبژاردنی ٢٠١١/٣/٧ ئەنجومەنی نوێنەرانی عیراق بیرۆکەیەکم لا دروست بوو بۆ ئەوەی ڕاپرسیەك بکەم سەبارەت بەوەی بۆ ژنان کەمترین دەنگیان هێناوە. لەکاتێکدا ژمارەیەکی بەرچاوی ژن بەشدار بووە لەپرۆسەی دەنگدان دا لەو راپرسیەدا ڕای (٤٥٧) ژن وەرگیرا لە ١٠ شوێنی جیاواز، یەکێك لەپرسیارەکان ئەوەبوو ئایا لەهەڵبژاردنی (٣/٧) دا دەنگی داوە بەژن یان نا؟

٥١٪ بەنەخێر وەڵامیان دایەوە پرسیارێکم سەبارەت بەوەی ئایا بەمافی ژنی دەزانێت یەکسان بێت لەگەڵ پیاو ٨٤٪ رایان وابوو کە دەبێت یەکسان بن تەنها وەڵامی ٩٪ نەخێر بوو. هەروە ها پرسیارێکم هەبوو لەسەر ئەوەی ئایا حەز دەکەیت لەناو حیزبێکدا کار بکەیت ٥٦٪ بەبەڵی وەڵامی دایەوە بەڵام نەیدەزانی چۆن، لەم ڕاپرسیەوە لەوە تێ دەگەین کە مەسەلەکانی پەیوەست بە ژن پێویست دەکات کاری جدی لەسەر بکرێت، بۆ ئەوەی مەسەلە گشتیەکانیش لەدەست نەدەین دواتر پێوەری هەر وولاتێك بۆ پێشکەوتن بەندە بە ئاستی هۆشیاری ژنەوە، چونکە پێش هەموو شتێك ژن پەروەردەکاری نەوەی نوێیە بە کچ وکوڕەوە کە دواتر کۆمەڵگا پێك دێنێت.

***(پاشکۆی ژماره ۱)***

***ئاماری ژنان لەئاستی ئەندامی مەکتەبو ئەندامی ئەنجوومەنی مەکتەب بەرامبەر بەپیاوان لە مەکتەب و دەزگا حیزبیەکاندا بەم شێوەیە:***

| ژمارە | ناوی مەکتەب یاخود دەزگا | ژ.ئەندام مەکتەب | | ژ. ئەندامانی ئەنجومەنی مەکتەب | |
|---|---|---|---|---|---|
| | | ژ. ژن | ژ. پیاو | ژ. ژن | ژ. پیاو |
| ١ | مەکتەبی ڕێکخستن | ١ | ٦ | سفر | ٣١ |
| ٢ | مەکتەبی دارایی و ئیدارەی گشتی | سفر | ٧ | سفر | ٥ |
| ٣ | دەزگای چاودیری دارایی | سفر | ٧ | سفر | سفر |
| ٤ | مەکتەبی ڕێکخراوەکان | سفر | ٧ | ١ | ٦ |

| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| ٥ | مەکتەبی شەهیدان | ٣ | ٤ | سفر | سفر |
| ٦ | دەزگای خزمەتی پێشمەرگە وتێکۆشەرە دێرینەکان | سفر | ٣ | سفر | سفر |
| ٧ | مەکتەبی پەیوەندیە گشتیەکان | ١ | ٨ | سفر | ١٥ |
| ٨ | دەزگای هەڵبژاردن | ٣ | ٥ | سفر | ٢ |
| ٩ | مەکتەبی ڕاگەیاندن | سفر | ٧ | سفر | ١٦ |
| ١٠ | مەکتەبی چاودێری و بەدواداچوون | سفر | سفر | ١ | ١٩ |
| ١١ | مەکتەبی کۆمەڵایەتی | سفر | ٥ | سفر | ٦٧ |

| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| ١٢ | ئەکادیمیای هۆشیاری ١ | ١ | ٦ | سفر | سفر |
| ١٣ | ئەکادیمیای هۆشیاری ٢ | ١ | ٦ | سفر | ٧ |
| | سەرجەم | ١٠ | ٧١ | ٢ | ١٦٨ |

**تێبینی:** ئەم ئامارە لەلایەن مەکتەبی ڕێکخراوە دیموکراتیەکانەوە گشتێندراوە بۆ سەرجەم مەکتەب و دەزگاکانی یەکێتی لە ﴿١٤/٣/ ٢٠١١ ﴾ تەواو بووەو وەك نووسراوی فەرمی ئاڕاستەیان کراوە .

# سیستمی کۆتا
# بۆ بەشداریی سیاسی ژن

**شلێر ڕەشید**

ژمارەی ئەو وڵاتو لایەنو حزبانە لەزۆر بووندان، کە سیستمی کۆتا دەکەنە بنەمای بەشداری پێکردنی پێکهاتەکانی کۆمەڵگە، لەژیانی سیاسیدا، یان لەدابەشکردنی پۆستە باڵاو گشتیەکاندا بۆ ئەو کەمینانەی کە لەژێر سایەی وڵاتەکەیان دەژین، یان بۆ هاوڵاتیان.

جاج بۆ کەمینە نەتەوایەتیەکان بێت.

یا بۆ کەمینە تایفیەکان بێت.

یا بۆ کەمینە ئاینیەکان بێت.

یان بۆ هەرچینێکی فەرامۆشکراوی ناو کۆمەڵگە بێت. یان بۆ تایبەتمەندێتی هەندێ شوێنو ناوچە بەپێی جوگرافیاو دانیشتوان. بەڵام ئەوەی ئێمە مەبەستمانە باسی لێوەبکەین، سیستمی کۆتایە بۆ بەشداریکردنی ژن لەژیانی سیاسیو بەرێوەبردنی دەوڵەتدا.

لەم سیستمەدا، بەرپرسیاریێتی بەشداری ژن لەپرۆسەی سیاسی، دەکەوێتە ئەستۆی حکوومەتو حزب، نەك بەتەنیا ئەو ئەرکە لەئەستۆی خوودی ژن بێت. چونکە ژن پێویستی بەپاڵپشتی یاساییو هاندانی حزب هەیە بۆ برەودان بە رۆشنبیری سیاسیو رامالینی رێگریەکان، کە دەبنە کۆسپ لەبەردەم بەشداریکردنی ژن لەژیانی سیاسیدا.

کاتی ئەوە هاتووە، حزب لەبەرزکردنەوەی دروشمی یەکسانی و مافی ژن و دادپەروەری بچێتە قۆناغی کارپێکردنی واقیعیانەوە، هەرچەندە تارادەیەك ئەو کارانە ئەنجامدراون، بەلام لەئاستی داخوازیەکانی ژناندا نین، هەروەها ئەگەر بەراورد بکرێت لەنێوان رێژەی ژن بەپیاو، کە ژن لەنیوەی کۆمەڵ زۆرترە، بەهۆی هەموو ئەو کارەساتانەی کە دوژمنانو نەیارانی گەلەکەمان بەسەر کوردیان سەپاندووە.

## کۆتا چیە؟

بیرۆکەی سیستمی کۆتـا، واتـە دیـاریکردنی ژمارەیـەکی دیاریکراو لەکورسی پەرلـەمان، یـان پۆسـتە سیاسـیەکان، بـۆ زامنکردنـی بەشـداری کەمایەتیـەکانو چـینە فەرامۆشـکراوو پـەراوێزخراوەکان لەبـەڕێوەبردنی دەوڵەتو بەشداریکردن لەئەرك‌و مافدا.

کۆتا، لەڕووی زمانەوانیەوە واتە(بەش) کە لەبنەڕەتـدا ووشـەیەکی لاتینیـە، لەسـەرەتاوە لەلایـەن ئـابووری ناسـەکانەوە بـەکارهاتووە، بـەڵام دواجـار سیاسـەتمەداران بـەکاریانهێناوە وەك میکـانیزم‌و ڕێگەچـارەیەك بـۆ گەیشتنی ئەو چین‌و کەمینانەی کە چانـسی گەیـشتنیان بـۆ پۆسـتەکانی سـەرکردایەتی‌و پەرلـەمان کەمـە، ئـەم سیـستمە لەوڵاتـە پێـشکەوتووەکان‌و وڵاتـە دواکەوتووەکاندا پـەیڕەودەکرێت. مێـژووی دەسـتەواژەی کۆتـا دەگەڕێتـەوە بـۆ دەسـتەواژەی AFFir، واتـە ئیجرائـاتی ئیجـابی. کـە بـۆ یەکـەم جـار لەولایەتـە

یەکگرتووەکانی ئەمریکا بەکارهاتووە، وەك سیاسەتی قەرەبووکردنەوە بۆ ئەو گروپانەی بێبەشکراون لەبەشداریی سیاسی، لەلایەن دەسەڵاتدارانی حکوومەتەوە یان لەلایەن خاوەن کارەکان لەکەرتی تایبەت. سەرچاوەی ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ بزوتنەوەی رەش پێستەکان بۆداواکردنی مافە مەدەنیەکانیان .

یەکەم کەس کە ئەم ووشەیەی بەکارهێنا(سەرۆك کندی لەساڵی ١٩٦١) بوو،

هەروەها سەرۆك جۆنسون لەبەرنامەی کاری حکوومەتەکەی کە پەیوەندی هەبوو بە بەرەنگاربوونەوەی هەژاری لەسەرەتای ساڵی ١٩٦٥دا. کە لایەنە پەیوەندیدارەکانی ئیلزام کردووە بەجێبەجێکردنی (سیستمی کۆتا) بۆ دیاریکردنی رێژەیەکی تایبەت لەزانکۆکان بۆخوێندکارانی کەمینەکان، کە ناتوانن درێژە بەخوێندن بدەن. لێرەوە ئەم سیستمە بەوڵاتانی تردا بڵاوبۆوەو داواکاری لەسەر

زۆربـوو، بەتایبـەت لەلایـەن بزووتنـەوەی ژنـانو ئـەو کەمینانـەی کـە بێبەشـکرابوون لەمافـەکانیان، کەواتـە سیستمی کۆتا لەرۆژئاوا سـەریهەڵداوە وەك ڕێگـە چارەی کێـشەی کۆمەڵایـەتیو سیاسـیو ئـابووری، ڕۆشـنبیری تایبـەت بـەو چـینانەی لەسـەر بنـەمایی سیـستمی ڕەگەزپەرستی فەرامۆشو پەراوێزخراون.

کەواتـە ئـەتوانین پێناسـەی (کۆتـای ژن) بـەم جـۆرە بکەین:

بریتیـە لەسیـستمێکی سیاسـی بـۆ بەشـداری پێکردنـی ژن لەپۆسـتە سیاسـیەکاندا بـەدیاریکردنی بەشـێك یـان ڕێژەیەك لەکورسیەکان، ئەویش لەڕێگەی:

١ـ سیستمی کۆتای هەڵبژاردن دەبێت

٢ـ بەپێی دەستووری وولات دەبێت

٣ـ یان یاسایەکی تایبەتی بۆ دادەنرێت

***ئامانج لەپەیڕەوکردنی سیستمی کۆتا چیە؟***

ئامانجی سەرەکی لەپەیڕەوکردنی سیستمی کۆتا، چارەسەرکردنی کێشەی کەمی بەشداری ژنە لەژیانی سیاسیدا، بەتایبەتی لەپەرلەماندا بەپێی ئەوەی کە ژن نیوەی پێکهاتەی کۆمەڵگەیە، لەهەندێ شوێن بەهۆی شەڕو شۆڕو کۆچکردن بۆ هەندەران ئەو ڕێژەیەشی تێپەڕاندووە، ژنیش وەك ئەندامێکی کارای ناو کۆمەڵگە مافی خۆیەتی راوبۆچوون و سەرنجی تایبەتی هەبێت لەدیاریکردنی چارەنووسی خۆیو نەتەوەو وڵاتەکەی، بەتایبەتی لەیاسادانانو بڕیاردانەدا. هەربۆ ئەم مەبەستە ئامانجی سیستمی کۆتا بریتیە لە :

١ـ زامنکردنی ئەنجامەکان بە دابینکردنی لانی کەمی کورسی پەرلەمان بۆ ژنان.

٢ ـ گۆڕینی تێگەیشتنی مانای یەکسانی، لەشێوازە کۆنەکەی کە لەسەربنەمای(یەکسانی لەهەڵەوە) بۆ

لادانـــی ئـــەو کۆســـپو تەگەرانـــەی لەبـــەردەم ژن دان بەشێوەیەکی رەسمیو یاسایی.

٣ ـ جۆرێکـە لەقەرەبووکردنـەوەی ئـەو کۆسـپانەی کـە رووبەڕووی ژن دەبێتەوە لەکاتی پرۆسەی هەڵبژاردندا.

٤ـــ سیـستمی کۆتـا تێگەیـشتنێکی نـوێی پێیـە بـۆ یەکـسانی، کـە بـەهۆی بزووتنـەوەی ژنـان و کۆمـەڵی مـەدەنی پـشتیوانی لـێ دەکرێـت، هـەروەها (یەکـسانی لەئەنجامـەکان) بـەو مانایـەی کـە ئامـانجی یەکـسانی نایەتەدی تەنها بە لابردنی کۆسپەکان نەبێت.

٥ـ بەدەرخستنی تواناکـانی ژن لـەبوارە جیاجیاکانـدا، بەقەناعـەت پێهێنـانی کۆمەڵگـە، کـە ژنـیش جێـی متمانەیـەو توانـای سـەرکردایەتیو بڕیـاردانی هەیـە، دڵسۆزی ژن هیچ کەمتر نیە لەدڵسۆزی لەپیاوان.

٦ـ جۆرێکە لەپراکتیزەکردنی دیموکراسی تەوافوقی.

٧ـ هەوڵێکە بۆ گۆڕینی ئەو ماددانەی کە لەدەستوورو یاسای وڵاتاندا کاری سیاسی بۆ پیاوان قۆرخ کردووە.

بــــەکارهێنانی سیـــــستمی کۆتـــــای ژن وەك هـــــەر دیاردەیـــــەکی نـــــویێ، چـــــەندین ســـــەرنج و تێبینـــــی لەبۆچوونەکان دەردەکـەوێت، کـە هەنـدێ کـەس و لایـەن دژی دەوەســتنەوە، لەهـەمان کاتـدا هەنـدێ لایـەنی تـر بۆچـوونیان وایـە کـە لایـەنی پـۆزەتیڤی زۆرتـرە لێـرەدا لایەنە ئیجابیەکان دەخەینە ڕوو:

١- هۆکارێکە بـۆ بەشـداریکردنی ژن لـەژیانی سیاسـیدا، بــــۆ ئـــــەوەی بتوانێــــت ئـــــەرك و خـــــەمی وولات لەئەستۆبگرێت، وەك تاکێکی کۆمەڵگە.

٢- ژن وەك هــەر هاوڵاتیــەك پیــادەی مــافێکی خــۆی دەکات.

٣- هەڵبژاردن واتـە نوێنەرایـەتی، ژنـیش نوێنەرایـەتی هاوڕەگەزەکەی خۆی دەکات.

٤- بەشـــــداریی سیاســـــی ژن لـــــەژیانی سیاســـــیدا، پێویـــستیەکی هاوچـــەرخانەی ڕۆشـــنبیری و سیاســـی و کۆمەڵایەتیە.

٥- ژنـان پێـشبڕکێی پیـاوان ناکـەن، بـەڵکو پێـشبڕکێی ژنان دەکەن لەسەر چەند کورسیەکی مسۆگەرکراو.

٦- راگرتنـی جۆرێـك لەهاوسـەنگی لـەنێوان هـەردوو رەگەزدا.

٧- برەودانـە بەچـۆنیەتی بیرکردنـەوەو کـارکردنی ژنان، کە ناتوانرێت بونی فەرامۆشبکرێت.

٨- سیستمی کۆتا لەناوحیزبدا هەندێ نـاکۆکی دروسـت دەکات، بەڵام ئەو ناکۆکیانە کاتین.

بـەڵام ئەوانـەی دژ بـە بـەکارهێنانی سیـستمی کۆتـا دەوەسـتنەوە، هەمیـشە پاسـاوی لایـەنی خراپـی ئـەم سیستمە دەخەنەڕوو، ئەگەرچی لایـەنی باشیـشی هەیـە، بـەڵام چونکە بیرۆکەکـەیان بـەلاوە پەسـەند نیـە، جا چ بە هۆی لەبەرچاوگرتنی بەرژەوەنـدی تایبـەت بێـت یـان هـەر هۆکـارێکی تـر، بۆیـە پێیـان وایـە کـە لـە سـایەی سیستمی کۆتا:

١- دیاریکردنی بەشێك یان ڕێژەیەك بۆ ژن دژی بنەماکانی یەکسانیە، کە دەڵێت(هەل بۆ هەمووانە).

٢- زۆربەی ژنان نایانەوێت هەڵبژێردرێن وەك ژن یان چونکە ژنن، بەڵکو دەیانەوێ بەهۆی توانا و لێوەشاوەیی سیاسی هەڵبژێردرێن.

٣- لەم سیستەمەدا لێوەشاوەییو لێهاتوویی و زانایی و دانایی و پسپۆڕی لەبەرچاوناگیرێت، بەڵکو گرنگی دەدرێت بەچەندایەتی نەك چۆنایەتی.

٤- دەبێتە هۆی دروست بوونی ناکۆکی لەناو کادرەکانی حیزبدا لەسەر بنەمای بەرژەوەندی تایبەت.

٥- سیستمی کۆتا، بەپرۆسەیەکی نادیموکراسی دادەنرێت چونکە ئازادیو مافی دەنگدەر سنووردار دەکات، جگە لەوەی بەشێکی زۆر لەدەنگەکانی دەنگدەران پووچەڵ دەکرێنەوە.

٦- دەبێتە هاندەر بۆ چینو بەشەکانی تری ناو کۆمەڵ کە داوای کۆتا بکەن، بۆ نموونە(مامۆستایان،

خوێندکاران، بازرگانەکان، کاسبکاران...هتد) ئەمەش دەبێتە هۆی دابەشبوونی کۆمەڵگە.

٧- هەندێ جار بوونی سیستمی کۆتا، دەبێتە رێگر لەبەردەم سەرکەوتنو بردنەوەی پیاوانی بەتواناو بەئەزموون.

٨- هەروەها سیستمی کۆتا، دەبێتە لەمپەرێك لەبەردەم ژمارەی ژنان، کە ناهێڵێت لەو ژمارەی کە دیاری کراوە تێپەڕێت.

## ***سیستمە جیاوازەکانی کۆتا***

سیستمی کۆتاو هەر سیستمێکی تر میکانیزمی جێبەجێکردنی لەوڵاتێکەوە بۆ وڵاتێکی تر دەگۆڕێت، ئەمەش بەگشتی سێ جۆرە:

**<u>یەکەم</u>/ سیستمی کۆتای دەستووری**

واتە لەناوەڕۆکی دەستووری ووڵاتدا ڕێژەیەك لەژمارەی گشتی کورسیەکانی پەرلەمان بۆ ژنان تەرخان دەکرێت.

لەدەستووری هەندێ ووڵاتدا بۆ ماوەیەکی دیاریکراو دەبێت.

بەڵام هەندێ ووڵاتی تر، بەهەمیشەیی، واتە بەبەردەوامی ڕێژەیەك لەکورسی پەرلەمانو هەڵبژاردنە لۆکاڵیەکاندا، وەك ئەوەی لەدەستووری عێراقی فیدراڵدا هاتووە(مادەی ٤٧/چوارەم: یاسای

هەڵبـــژاردن ئامــانجی دابینکردنـــی ڕێـــژەی نوێنەرایـــەتی ژن، نابێـــت لـــە ٤/١ ی ژمـــارەی ئەنـــدامانی ئەنجومـــەنی نوێنەران کەمتر بێت)، واتـە ژمارەی کورسـی ژن نابێـت ٢٥٪ کـــەمتربێت هـــەروەها لـــە پەرلـــەمانی هـــەرێمی کوردستانیش نابێ ٢٥٪ کەمتربێت.

**دووەم/ سیستمی کۆتای یاسایی**

لـــەم جـــۆرەدا بـــەپێی یاســـای هەڵبـــژاردن بەشـــێك لەکورسیەکانی پەرلەمان بۆ ژن زامنکراوە، وەك سودان، بەلجیکا، ئەمریکای لاتین.

**سێیەم/ سیستمی کۆتا لەحیزبە سیاسیەکاندا**

لەم جۆرەدا بەسەر حیزبە سیاسیەکاندا بـەپێی یاسـای هەڵبژاردن سەپێنراوە کە پێویستە کاندیدی ژن بـە پێـی ژمـارەی دیـاریکراو لـە لیـستی پێـشکەش کـراودا هـەبێت، هـــەروەها بـــەپێی رێـــساو رێنمـــایی تایبـــەت. لەهەنـــدێ

شـوێن ئـەو لیـستەی کـە کاندیـدی ژنـی تیـدا نـەبێت حیزبی خاوەن لیستەکە سزا دەدرێت.

هەروەها کۆتـاش جـۆری هەیـە، کۆتـای داخـراو کـە ژن ناتوانێـت لـەدەرەوەی ئـەم کۆتایـە خـۆی کاندیـد بکـات، بـەڵام کۆتـای کـراوە کاندیـدی ژن دەتوانێـت لـەدەرەوەی ئـەم جـۆرە خـۆی کاندیـد بکـات. هـەروەها کۆتـا بـەدوو جۆر گوزارشتی لێدەکرێت:

١ـ **کۆتای لانی کەم**: لەم جۆرەدا دەتوانرێت ژمارەی ژن زۆرتربێت لەو رێژەیەی دیاری کراوە بۆ نموونە (دەڵێـت نابێت رێژەی ژن لەپەرلەمان ٢٥٪ کەمتربێت)لـەم کاتـەدا دەکرێـت رێـژەی ژنـان لەپەرلەمانـدا ئـەم رێژەیـە تێپەڕکاتو بگاتە٣٠٪.

٢ـ **کۆتای لانی زۆر**: لـەم جـۆرەدا رێـژەی کورسیەکانی پەرلـەمان بـۆ ژن دیـاریکراوە ناتوانرێـت لـەو رێژەیـە تێپـەڕبکات واتـە ژمـارەو رێـژەی ژن لەپەرلەمانـدا دیـاریکراوە وەك دەڵێـت رێـژەی کورسـی پەرلـەمان

(٢٥٪)ی ڕێـژەی گـشتی تێپەڕنـەکات. واتـە لـەم ڕێژەیـە کەمتربێت ئاسایيە بەڵام نابێت ئـەم ڕێژەیـە زۆرتـربێـت. بەپێی بەرزترین دەنگ کاندیدەکان دادەنرێن.

چـۆن سیـستمی کوتـا ڕێـژەی ژنـی لەپەرلـەمان زۆر کـردووە و تـەکانی بەهـەنگاوەکانی ژنـان داوە لـەبواری سیاسیدا؟

دیاردەی جیاوازی دژ بەژنان کە بەبەردەوامی کۆسـپی لەبەردەم پلانـی گەشەسـەندنی کۆمەڵایـەتی مرۆڤایـەتی دروسـت کـردووە، لەراسـپاردەی ڕاپـۆرتێکی یـەکێتی ئەوروپادا ساڵی ١٩٨٩، لە بارەی ژنەوە تیایدا هاتووە کـە سیستمی کۆتا تاکە ئامڕازەو ئەکرێ سوودی لێ ببینرێت بـۆ زۆرترکردنـی بەشـداری سیاسـی ژن لەبـەڕێوەبردنی حکوومەتو ناوەندی دروستکردنی بڕیاردا.

بـۆ نموونـە لـە یەکـەم خـولی پەرلـەمانی هـەرێمی کوردسـتان، سـاڵی ١٩٩٢ بـەبڕیارێکی سیاسـی، تـەنیا(٤)ژن لەپەرلەماندا بوونیـان هەبوو. بـەڵام لەسایەی سیـستمی

کۆتـادا لەهەڵبـژاردنی گـشتی پەرلەمانـدا لەسـاڵی ٢٠٠٥ ڕێـژەی لـە ٢٥٪ کورسـی پەرلـەمان بـۆ ژنـان دیـاری کـرا وبەهـــەمان شـــێوە بـــۆ هەڵبـــژاردنی ٢٠٠٩/٧/٢٥ ی پەرلەمانی هەرێمی کوردستان ڕێـژەی ٢٥٪ی کورسیەکان بـــۆ ژنـــان مـــسۆگەر کـــرا، لێـــرەدا سیـــستمی کۆتـــا میکـانیزمێکی بـاش بـوو بـۆ گەیـشتنی ژن بەپەرلـەمانو چەسپاندنی پێگەی ژن لەبواری سیاسیدا.

شـایانی باسـە تـا ئێـستا لەجیهانـدا تـەنیا ٨٠ دەوڵـەت سیـــستمی کۆتــا پــەیرەو دەکــەن بــۆ گەیــشتنی ژن بــە ناوەندی بڕیار. لێرەدا ئەگەر بمانـەوێت بـەنگلادش وەك نموونــە بهێنینــەوە کەچــۆن لەرێگــەی پــەیڕەوکردنی سیـــستمی کۆتـــاوە تـــوانراوە ژمـــارەو ڕێـــژەی ژنـــان لەپەرلەمان زۆر بکرێت.

لەدەستووری بەنگلادیشدا سیستمی کۆتا بـۆ ماوەیـەکی دیاریکراو پراکتیزە دەکرێت، تابتوانرێت ئەو کوسـپانەی بەردەم بەشداری سیاسی ژن وەلاوە بنرێت تا بـارودۆخی

ژن دەگاتە ئاستێکی تر. بەڵام تائێستا بەسیستمی کۆتا کاردەکرێت.لەدەستووری ساڵی ١٩٧٢ لەکۆی (٣١٥) کورسی تەنیا (١٥) کورسی بۆ ژن تەرخان کرابوو کە بۆ ماوەی (١٠) ساڵ بەم سیستمە کاربکرێت، بەڵام پاش هەموارکردنی دەستوور لەساڵی ١٩٧٨ژمارەی کورسی بۆ ژنان کرا بە(٣٠ ) کورسی لەکۆی (٣٣٠) کورسی پەرلەمان بۆ ماوەی(١٥)ساڵ.

ساڵی ٢٠٠١ پاش گفتوگۆ هەموارکردنی دەستوور، ژمارەی کورسی پەرلەمان کرا بە(٣٤٥) کورسی لەو ڕێژەیەش ٤٥ کورسی تەرخان کرا بۆ ژنان.

بەڵام لەهیندستان سیستمی کۆتای ژن نیە لەگەڵ ئەوەشدا لەکۆی (٥٤١) کورسی پەرلەمان ٤٥ کورسی ژنە هەروەها لەئەنجوومەنی پیران لەکۆی ٢٤٢ کورسی ٢٢ کورسی ژنان لەهەڵبژاردن بەدەستیان هێناوە.

لێرەدا ئەوە دەردەکەوێت ئەگەر سیستمی کۆتاش نەبێت ئەوا ژن دەتوانێت بەلێوەشاوەیی‌و توانای خۆی

متمانــەی هاولاتیــانو دەنگــدەران بەدەســت بهێنێــت. گرنگــە لەکــەلتوری نەتەوەکانــەوە دوای ئــەوەی ئــەو تێگەیــشتنە لەعەقڵیــەتی تاکەکانــدا پەرەبــسێنێتو جێگیربکرێــت کــە متمانــە بــەژن ببەخــشن. ئەگــەر ولاتــی(ئــەردن) بــە نموونــە بهێنینــەوە کەچــەند هەوڵــەکانی ژنــان نــەزۆكو بــێ بەرهــەم بــووە بــێ پەیڕەوکردنی سیستمی کۆتـا. ژنـانی ئـەردن لەسالّی١٩٩٧ هەوڵیانـداوە بگەنــە پەرلـەمان بـەلام هەوڵـەکانیان بـێ ئەنجام بووە.

لەهەڵبژاردنی ٢٠٠٣/٦/١٧دا:

١٣٦٩١٢٦ دەنگدەر دەنگی داوە.

٧١٣٦١٤ ژمارەی دەنگدەر ژن بووە.

٦٥٥٥١٢ دەنگ لەدەنگی پیاوان زۆرترە.

واتــە بەرێــژەی ٢,١٢ ٪ ژنو ٤٧,٨٨ ٪ پیـاو لـەکۆی (٧٦٠) کاندید (٥٤) کاندید ژن هەبووە. بەلام تەنیا یەك ژنـیش نەیتوانی متمانەی دەنگدەر بەدەست بهێنێت بەلام پـاش

پـــەیڕەوکردنی سیـــستمی کۆتـــا ئێـــستا (٦) ئەنـــدام پەرلـــەمانی ژن لەپەرلـــەمانی ئـــەردەن هەیـــە. لەســـەر ئاستی جیهانیش بـە پێـی دەسـتووری وڵاتـان بەرێـژەی ١٥٪ کورسیەکانی پەرلەمان بـۆ ژنـان بـووە تـا سـاڵی ٢٠٠٥ بەڵام ئێستا ١٩٪ کورسی پەرلەمان بۆ ژنە.

زۆرتـــرین رێـــژەی ژن لەپەرلەمانـــدا کـــە (٥٦,٣٪) لەرواندایە، لەئەرجنتینیش ٥٦٪ی کورسیەکان بۆ ژنە.

لەکۆتاییدا هەروەك باسمان کرد سیستمی کۆتـا لایـەنی باشی هەیە.هەروەها لایەنی خراپیشی هەیە.

بـەڵام ئەگـەر سیـستمی کۆتـا سـەرەتا وەك بنەمایـەك هەنگاوێك بێت بـۆ سـەپاندنی بیرۆکـەی هەڵبـژاردنی ژن بەرووی نەوەکانی داهاتوودا ببێتـە کـەلتورو نـەوە دوای نەوە هەنگاوەکانیان فراوانتربکەن.

ئێمەی ژنانیش فێربین متمانەی زۆرترمان بە خۆمـان هەبێت و رێگەخۆش کەین بۆ نەوەکانی داهاتوو.

# زنجیرەی هۆشیاری

| ز | ز. هۆشیاری | بڵاوكراوەكان | نووسەرو وەرگێڕ | ساڵی چاپ |
|---|---|---|---|---|
| ٣٦٥ | ١٢ | پێگـــــەی میـــــدیا لەهەڵبـــــــژاردنی ســــــــەرۆكایەتی ئەمریكادا | ڕێبین حەسەن | ٢٠١١ |
| ٣٦٦ | ١٣ | مميـــــزات النظـــــام الفدرالي | د. شورش حسن | ٢٠١١ |
| ٣٦٧ | ١٤ | جیهـانگیری ، فاكتـەرو گرفتـــــــــەكانی دیموكراسی | مەلا بەختیار | ٢٠١١ |
| ٣٦٨ | ١٥ | پەیــــــــدابوونی عەلمانیەت | فرید ئەسەسەرد | ٢٠١١ |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| ٣٦٩ | ١٦ | ئيـــسلامو مۆدێرنـــه، ئيـــسلام لەبـــەردەم ئەگەری عەلمانيەتدا | ن. محمد رەزا شالگونی و. عوسمان حەسەن شاكر | ٢٠١١ |
| ٣٧٨ | ١٧ | سياسـەتی رووخـساری نەتەوەيی كەركوك | د. نوری تاڵەبانی | ٢٠١١ |
| ٣٧٩ | ١٨ | ئـەنفال لەكوردسـتانی عێراق | ن. مايكڵ ليزنبێرگ و. كارزان محەمەد | ٢٠١١ |
| ٣٨٠ | ١٩ | ئۆپۆزســـــــيۆن لەچەمكەوە بۆ ئەرك | بەختيار جەبار شاوەيس | ٢٠١١ |
| ٣٨١ | ٢٠ | بەشـــــــداريكردنی سياسی | عابد خالد رەسول | ٢٠١١ |
| ٣٨٢ | ٢١ | سيـــستمی فيـــدراڵ لەدەوڵەتی ئيماراتدا | ن. عەبدوڵڵا عەنزی و. سەردار عبدالكريم | ٢٠١١ |
| ٣٨٣ | ٢٢ | كـــوردو پرســـی دانپێـــــــدانانی دەستووری | خەليل عەبدوڵڵا | ٢٠١١ |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| ٢٨٤ | ٢٣ | تیرۆریـزم هەڕەشـەو مەترسیەکانی | عادل عەلی | ٢٠١١ |
| ٣٨٧ | ٢٤ | سـیکۆلاریزم بـەزمانی سادە – عەلمانیەت | ن: ئاستین کلاین و. کاوسێن بابەکر | ٢٠١١ |
| ٣٩٥ | ٢٥ | مـۆدێلی حزبایـەتی لەکوردستان | ئەنوەر حسێن بازگر | ٢٠١١ |
| ٣٩٦ | ٢٦ | فلـسفة الديمقراطيـة الاجتماعية | د. حميد عزيز ترجمة: محسن بني ويس | ٢٠١١ |
| ٣٩٧ | ٢٧ | دەوڵەتشاری دێرین | ن. مۆریس بارییە و. عوسمان حەسەن شاکر | ٢٠١١ |
| ٣٩٨ | ٢٨ | ئاینو سیاسەت | ن. نینیان سمارت و. یاسین عومەر | ٢٠١١ |
| ٣٩٩ | ٢٩ | بەجینۆسایدناسـینی ئەنفال | ن. خەلیل عەبدوڵڵا | ٢٠١١ |
| ٤٠٠ | ٣٠ | جیۆپۆلـەتیکی کوردستان | فەرید ئەسەسەرد | ٢٠١١ |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| ٤٠١ | ٣١ | ديموكراسى و بنەماكانى گەشەپێدانى سياسى | د. حەميد حسين كازم و. عادل عەلى | ٢٠١١ |
| ٤٠٩ | ٣٢ | پۆلێن كردنى هەڵوێستەكان پێش پرۆسەى هەڵبژاردن و دەنگدان | نياز سەعيد عەلى | ٢٠١١ |
| ٤١٣ | ٣٣ | النضال الدستوري للاستاذ ابراهيم احمد في العراق الجمهوري | د. شورش حسن عمر | ٢٠١١ |
| ٤١٤ | ٣٤ | كوردو توركمان – تێڕوانينێك بۆ ميكانيزمەكانى پێكەوە ژيانى ئاشتييانەى نێوانيان | يوسف گۆران | ٢٠١١ |
| ٤١٥ | ٣٥ | عەلمانيەت چيە؟ ماناو پێناسەكانى | زاهير شكوور | ٢٠١١ |
| ٤١٦ | ٣٦ | خوێندنەوەيەك بۆ فيكرى حەسەن بەننا | عادل عەلى | ٢٠١١ |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| ٤١٧ | ٣٧ | شـــــــــــــيوەكانی بەدەســتهێنانی مــافی چارەنووس | خەلیل عەبدوڵلا | ٢٠١١ |
| ٤١٨ | ٣٨ | تعريف الأنفال بالآبـادة الجماعية | خليل عبدالله | ٢٠١١ |
| ٤١٩ | ٣٩ | قـــــراءة في مفهـــــوم التحـــديث والتنميـــة السياسية | احسان عبدالهادي | ٢٠١١ |
| ٤٢٠ | ٤٠ | كاریگەریی قەرزە گشتییەکانی ئەمریکا لەسەر ئابووریی ئەمریکاو جیهان | فەیسەڵ عەلی | ٢٠١١ |
| ٤٢١ | ٤١ | دیموکراسی لە نێوان مۆدرێنێتــەو پۆســت مۆدرێنێتەدا | مەلا بەختیار | ٢٠١١ |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| ٤٢٢ | ٤٢ | ئینتەرناسیونالیزمی دینیو دیاردەی فرەنەتەوەیی | فەرید ئەسەسەرد | ٢٠١٢ |
| ٤٢٣ | ٤٣ | باشوری سودان | شادمان مەلا حەسەن | ٢٠١٢ |
| ٤٢٤ | ٤٤ | الديمقراطيـة دراسـة فكرة سياسية | عبدالرحمن كريم درويش | ٢٠١٢ |
| ٤٢٥ | ٤٥ | الاكـراد واديمقراطيـة والاندماج | فريد اسسرد | ٢٠١٢ |
| ٤٢٦ | ٤٦ | زمانی کوردی لــــە دەســـــتورەکانی عیراقدا | خەلیل عەبدڵلا | ٢٠١٢ |

له چاپخانەی دەزگای چاپ‌و پەخشی حەمدی

چاپكراوە